*ئەم نووسراوەیە باسێکی درێژە، لەگەڵ تەواوبوونی پیاچوونەوەی هەر چەند بەشێکی، دەیخەینە بەر دیدی خوێنەرانی ئازیز*

*

**مەنسوور حیکمەت، ئیرەج ئازەرین**

# هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت

**وەرگێڕانی: کامیل عەزیز**

**تایپکردنەوەی: شەهاب سالم**

**پیاچوونەوەی: سالار ڕەشید**

## هێڵە سەرەکییەکانی ڕەخنەی سۆسیالیستی لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت

ئەم بابەتەی کە دەیخوێننەوە، بریتییە لەو قسە و باسانەی کە قسەکەرانی سیمنارێکی ناوندیی حیزب بۆ بڵاوکردنەوە لە بۆڵتنی مارکسیزم و مەسەلەی سۆڤێتدا ڕێکیان خستبوو.
مەبەستی قسەکەران ئەوەبوو کە ڕوانگەی دیاریکراوی خۆیان لێرەدا بخەنە ڕوو، لەبەر ئەوە تەنیا قسە و باسەکانی خۆیانیان بۆ بڵاوکردنەوە ڕێک خستووە، ئەو قسانەش کە لە دانیشتنێکدا، لە لایەن هاوڕێیانی ترەوە کرا، تەنیا لە وەڵامی قسەکەرەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. هەر چەندە لە هەندێک شوێندا، لە لایەن نووسەرانەوە دەسکاریکردن و چاککردن ئەنجام دراوە، بەڵام ناوەڕۆکی بابەتەکە و هەروەها شێوەی دەربڕینەکەشی، هەر ئەوەیە کە لە سیمینارەکەدا پێشکەش کراوە. ئەم سیمنارە لە مانگی نۆڤەمبەری 1987دا ڕێک خرا.

**مەنسوور حیکمەت:**

سەرەتا پێویستە لە بارەی ئەو باسەوە کە من و هاوڕێ ئیرەج ئەمڕۆ پێشکەشی دەکەین چەند شتێک ڕوون بکەمەوە. ئەو ڕوانگەیەی کە ئێمە لێرەدا هێڵە گشتییەکانی پێشکەش دەکەین، تێڕوانینێکی تایبەتی بۆ مەسەلەی ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت تێدایە، کە ناچێتە ڕیزی نەریتی تا ئێستای چەپی ڕادیکاڵەوە. هەر بۆیە بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنی پێویستی بە سەرفکردنی توانایەکی زۆر هەیە. بە تایبەتی ئەمە لە کاتێکدا، کە ئەو کەسانەی دەیانەوێت لە واقیعەتێکی ڕادیکاڵەوە لەگەڵ مەسەلەی سۆڤێتدا مامەڵە بکەن، بە گشتی لەژێر کاریگەری ڕەخنەکانی تا ئێستای مەیلە

جیاجیاکانی چەپی ڕادیکاڵ دان. باسەکەی ئێمە جیاوازیگەلێکی بنەڕەتی لەگەڵ ئەم تێڕوانینانەدا هەیە و بۆ ئەوەی باشتر شی بکرێتەوە وا پێویست دەکات هەمیشە سنووربەندی ئەو لەگەڵ تێڕوانینە ڕادیکاڵەکانی سەردەمدا دیاری بکرێت.

لەمە گرنگتر ئەوەیە، کە تێزەکانی ئێمە لە بارەی سۆڤێتەوە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ باسی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا هەیە، بە بۆچوونی ئێمە، ئەم تێزانە ئەنجامگیرییەکن، کە مەیلێکی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەتوانێت لەسەر بنەمای تێڕوانینی گشتی خۆی لە بارەی ئەزموونی سۆڤێتەوە بەدەستیان بێنێت، مانایەکیش کە دەستەواژەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەیەوێت بیگەیەنێت جگە لە جەختکردنە سەر خاڵی گەڕانەوە بۆ پایەگای کۆمەڵایەتی مارکسیزم و کۆمۆنیزم یانی چینی کرێکار شتێکی دیکە نییە.

بە داخەوە ئەمڕۆکە کۆمۆنیزم لە هەر سەردەمێک زیاتر ڕواڵەتی مەکتەبێکی فکری گرتۆتە خۆی، لە کاتێکدا کە چ لە ڕووی عەمەلییەوە لە بەشێکی گرنگی مێژووی خۆیدا و چ لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە. بزووتنەوەی ئامانجداری چینێکی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕانکاری واقیعی لە کۆمەڵدایە، ئەم خاڵی گەڕانەوە بۆ پایەگای کۆمەڵایەتی و چینایەتی تەنیا لە هەنگاو هەڵگرتن لە تیۆری مارکسیزمەوە بۆ پراتیکی حیزبی و سیاسی نایەتە گۆڕێ، بەڵکوو دەبێ لە هەمان ئەو تێڕوانینە تیۆرییانەی ئەمڕۆی ئێمەدا بۆ مەسەلەکانی خۆشمان دەرکەوێت. لە مارکسیزمی بەناو ڕادیکاڵی مەکتەبیدا، چینی کریکار دەستەواژەیەکی تەجریدییە، سۆسیالیزم و خەباتی چینایەتی دەستەواژەیەکی تەجریدین، لە مارکسیزمی واقیعیدا یانی لە کۆمۆنیزمی کرێکارییدا ئەمانە پەیوەندی و دیاردەی واقیعی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی نیشان دەدەن. ڕەخنەی ئێمە لە ئەزموونی شۆڕشی کرێکاری لە سۆڤێت، ڕەخنە لە یەک پرۆسەی مێژوویی واقیعیی خاوەن هێزی هەڵسورانی کۆمەڵایەتییە. لەبەر ئەوە لە هەنگاوی یەکەمدا، دەبێت بتوانین ئەم مێژووە واقیعییە بەپێی دینامیزمی بابەتی ئەو و



جم و جووڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەو سەردەمە دیاریکراوەدا لە بەرچاو بگرێت و هەڵبسەنگێنێت.

لەم ڕووەوە ئێمە هەست بە جیاوازییەکی قوڵ دەکەین لەگەڵ ئەوەی کە تا ئێستا لە ئاستی نێونەتەوەییدا، بە ڕەخنەی ڕادیکاڵ لە ئەزموونی سۆڤێت ناسراوە. ڕەخنەی ئێمە لە ئەزموونی سۆڤێت ناچێتە ڕیزی نەریتی ڕەخنەی ڕادیکاڵی تا ئێستاوە. ئەو نەریتەی کە بە خەیاڵی خۆی پێی وایە بەو ڕادەیەی کە بتوانێت ئەو جیاوازییانەی لە نێوان ئەزموونی واقیعی و ئەحکامە لە پێشدا داڕێژراوەکانی خۆیدا هەیە وەبیر بێنێتەوە، بەو ڕادەیەی کە بتوانێت زیاتر حاشا لە خەسڵەتی پرۆلیتێری لایەنە جیاجیاکانی شۆڕشی ڕوسیا بکات، بە هەمان ڕادە، لە مارکسیزم و ئۆرتۆدۆکسی مارکسیزم نزیکتر بۆتەوە. وە یا هەر بەو ڕادەیەش ڕەخنەی `قوڵتر`ی لە مەسەلەکە گرتووە.

تێڕوانینی کۆمۆنیزمی کرێکاری ناتوانێت بە هەمان سادەیی و بەو سەرپێیییەی کە ڕەخنەگرە ڕادیکاڵەکان لە شۆڕشی بۆڵشەڤیکی، لە بابەتی کۆمۆنیزمی چەپ، چەپیتر ڕەخنە لە ئەزموونی سۆڤێت دەگرن، مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکەدا بکات. ئەم ئەزموونە بەرهەمی پراتیکی چینێکی ملیۆنییە، چینێک کە بەو باوەڕەوە، خەریکە لە پێناوی قازانجە چینایەتی و ڕزگاریخوازەکانی خۆیدا تێدەکۆشێ، دەستی دایە ئەم پراتیکە. پێشڕەوترین چین و ڕێکخراوی کرێکاری بە درێژای چەند دەیە بۆ شکڵدان بەم شۆڕشە تێکۆشاون. ئەمە شۆڕشێک بوو کە مۆری خۆی نەک تەنها بە چارەنووسی بزووتنەوەی کرێکارییەوە، بەڵکوو بە چارەنووسی تەواوی دنیای هاوچەرخی خۆیەوە نا. ناکرێ ئەم ئەزموونە تەنیا بە پێوانەی پوختەیی ئایدیۆلۆژیکی و ئوسولییەتی ڕابەرایەتییەکەی لە ڕووی تیۆرییەوە هەڵبسەنگێنرێت، تاکوو هەر ئەوەندە بەس بێت، کە ئەوەی دووەمیان لەکەیەکی بەرکەوێ تا هەموو ئەو ئەزموون و پراتیکە پوچەڵ بێتەوە.

تەنیا هێزە کۆمەڵایەتییە مەزنەکان (هێزە کۆمەڵایەتییەکانی چینەکانی تر) دەتوانن پراتیکی چینایەتی چینی کرێکار پوچەڵ بکەنەوە و کاریگەرێتی

بسرنەوە. ناکرێ تەنها ناپوختەیی تیۆری و ڕێک نەهاتنەوەی ئەزموونێکی مەزنی بابەتی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ نموونە و ئەحکامە لە پێش داڕێژراوەکان بۆ حاشاکردن لەو ئەزموونە بەهانە بێت. ئێمە دەبێت بتوانین ئەوە نیشان بدەین، لە سایەی چ هەلومەرجێکی دیاریکراودا و لەگەڵ کام یەک لە هێزە مادی و کۆمەڵایەتییەکان، ڕابوونی مەزنی چینی کرێکار تێک شکێنرا.

بەو پێیە هەر لەو کاتەدا کە ڕەنگبێ ڕەخنەی ئێمە لە ئەزموونی سۆڤێت بە لای چەپی "ڕادیکاڵ"ی ئەمڕۆوە، بە ڕادەی پێویست نەیەتە بەرچاو، بەڵام بە بڕوای خۆمان ئەو ڕەخنەیە ڕادیکاڵترین تێڕوانین لەو ئەزموونە دەخاتە ڕوو. لە ڕاستیدا یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی باسەکەی ئێمە ئەوەیە، کە ڕەخنە ڕادیکاڵەکانی تا ئێستا لە ئەزموونی سۆڤێت شتێکی زیاتر لە حاشاگەراییەکی مەکتەبی لە لایەک و دیموکراتیزمی ڕادیکاڵ لە لایەکی ترەوە نانوێنێت، لە کاتێکدا کە ڕەخنەیەکی بە ڕاستی ڕادیکاڵ تەنیا دەکرێ ڕەخنەیەکی پرۆلیتێری و سۆسیالیستی بێت و ئەوەش ئەو ڕەخنەیەیە کە ئێمە مەبەستمان دەرخستنی هێڵە سەرەکییەکانێتی لێرەدا.

## هێڵ و سەردێڕە ئەسڵییەکانی ئەم باسە

ئەم باسە لەم ئاستانەی خوارەوەدا دەخرێتە ڕوو:
1_ خستنەڕووی چوارچێوەی گشتی و تێزە سەرەکییەکانی باسەکە. ئەم بەشەیان من پێشکەشی دەکەم.
2_ لێکۆڵینەوەی وردتری هەندێک مەسەلەی گرێیی. هاوڕێ ئیرەج ئازەری ئەم بەشە پێشکەش دەکات.
3_ شیکردنەوەی زیاتری باسەکە لە چوارچێوەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیار و بۆچوونانەی کە لێرەدا دێنە ئاراوە.
لە بەشی یەکەمدا کە بابەتی باسەکەی منە، دەچمە سەر ئەم دێڕانە:



1_ خاڵی حەرەکەتی میتۆدۆلۆژیکی ئێمە: ڕەخنەی سۆسیالیستی یان دیموکراتیک.
تەواوی ڕەخنەی تا ئێستا لەوەدا کە تێگەیشتنیان لە سۆسیالیزم وەک شێوازێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، لێکچوون و نزیکییەکی زۆری لەگەڵ ڕیڤیژینیزمی ڕوسیدا هەیە، بە ناچاری ڕەخنەی خۆیان لەسەر مەسەلەی **دیموکراسی** چڕ کردووەتەوە. لەبەر ئەوە ناتوانێت مەسەلەی ناتەبایی پرۆلیتاریای سۆسیالیست لەگەڵ ئەم ئەزموونەدا ڕوون بکاتەوە. ئێمە لە بەرامبەر ئەو ڕەخنە ڕادیکاڵ_ دیموکراتیکەدا ڕەخنەی پرۆلیتێری سۆسیالیستی دادەنێین.
2_ چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی شۆڕشی ڕوسیا. ناکرێ شۆڕشی ڕوسیا تەنیا لە چوارچێوەی مێژووی ناوخۆیی مارکسیزمدا ڕوون بکرێتەوە و لێک بدرێتەوە. ئەمە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە،، شۆڕشێکە لە جەرگەی کۆمەڵگایەکدا بە مانای فراوانی وشەکە، بەو ڕەوەندە مادییە دیاریکراوانەوە کە لەو کۆمەڵگەیەدا دەچێتە پێشەوە. لەبەر ئەوە لە لێکدانەوەی چارەنووسی ئەم شۆڕشەدا ناتوانین بە ڕوونکردنەوەی مەکتەبییەوە بوەستین وە یان تەنانەت بە تەنها لە پڕاتیکی چینی کرێکار وردبینەوە. دەبێت پڕاتیک و حەرەکەتی هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان و پرۆسە مادییەکان لە سەراسەری کۆمەڵدا لە بەرچاو بگیرێت، شۆڕشی ڕوسیا خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی مادی کۆمەڵدا، نەک تەنیا قۆناغێک بێت لە مێژووی بزووتنەوەی کرێکاریی یان لەوەش مەحدودتر قۆناغێک بێت لە مێژووی ناوخۆی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و مارکسیستیدا.
3_ زەمینە فکرییەکانی داڕوخان و شکستی شۆڕشی کرێکاریی لە ڕوسیا. لەم بەشەدا دەچینە سەر ئەو لاوازییە تیئۆریکییە سەرەکییانەی کە ڕێیان لە پێشڕەوی و سەرکەوتنی شۆڕش لە ڕوسیادا گرت.
4_ گرێ ئەسڵییەکان لە ئەزموونی سۆڤێتدا. لەم بەشەدا دەچینە سەرلیستێک لە مەسەلە گرێییەکان کە هەر هەڵوێستگرتنێک لە بەرامبەر ئەزموونی سۆڤێتدا دەبێت وەڵامی خۆی بەوانە بخاتە ڕوو. ئەم لیستە ئەگەر

بمانەوێ کامڵ بێت ئەوا دوور و درێژ دەبێت. ئێمە دەچینە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1_ خەسڵەتی چینایەتی دەوڵەتی سۆڤێت پاش شۆڕشی ڕوسیا.

2_ ئابووری و سیاسەت لە دەورەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و پەیوەندی ئەم دووانە لەگەڵ یەکتردا.

3_ مەسەلەی "سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا" چ وەک کێشەیەکی تیئۆریی گشتی و چ وەک مەسەلەیەکی دیاریکراو لە شۆڕشی ڕووسیادا.

4_ هەڵسەنگاندنی ماهیەتی شۆڕشی ئەمڕۆ.

5_ مەسەلەی بیرۆکراسی، گەندەڵبوونی حیزب، باڵادەستبوونی ڕیڤیژینیزم، دیموکراسی دەروون حیزبی و سەرجەم دەورەکانی ڕەخنەی تا ئێستا لە ئەزموونی سۆڤێت.

6_ دەرسەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

## ڕەخنەی دیموکراتیک یا سۆسیالیستی

من وتم کە ئامانجی ئێمە لەم تێزانەدا، خستنە ڕووی ڕەخنەیەکی سۆسیالیستییە لە ئەزموونی سۆڤێت، لەسەر وشەی "سۆسیالیستی" جەخت دەکەم، چونکە لەو باوەڕەدام بەشی زۆری ڕەخنەی تا ئێستا سۆسیالیستی نییە، بەڵکوو ڕەخنەیەکی دیموکراتیکە کە بە ڕێگای جیا جیا لە قاڵبگەلی ڕادیکاڵدا نیشان دەدرێت. مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە، لەوە بگەین کە تەنانەت ڕادیکاڵترین ڕەخنەی دیموکراتیکی مەوجود لە ئەزموونی سۆڤێت، یانی ئەو ڕەخنانەی کە لادانەکانی حیزب، کەموکوڕییەکانی و تێڕوانینە تیۆری و ئایدۆلۆژییە هەڵەکان لە حیزبدا و شێوەی پێکهاتی دەوڵەتی دوای شۆڕش و کردەوەکانی دەوڵەتی سۆڤێت لە مەیدانی نێونەتەوەیی و هی تردا، دەکاتە بناغەی شیکردنەوەی خۆی، نە تەنیا بنەڕەتیترین خاڵی گرنگ و جێگای باس لە ئەزموونی سۆڤێتدا، یانی ئەوە کە بۆچی کۆمەڵی



سۆسیالیستی لە سۆڤێت دانەمەزرا، بۆچی ئابووری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی لە سۆڤێت بەرپا نەکران، وەڵام ناداتەوە، بەڵکوو لە ئەنجامیشدا ناتوانن ڕەخنەی ماتەریالیستی تەنانەت لەو لایەنانەش بگرن کە خۆیان قامکی لەسەر دادەنێن (هەر ئەوانەی کە ئاماژەم پێ کردن) لەم ڕەخنانەدا بە گشتی وا دێتە بەرچاو کە ئەم جۆرە لادانانە وەک نەخۆشییەکی ڤایرۆسی لە جێگەیەکەوە دەست پێ دەکات و زیاد دەکات تا هەموو شتێک خراپ دەکات و دای دەڕزێنێت. لە کاتێکدا تەواوی کەڵکی ماتەریالیزمی مێژوویی و تەواوی میتۆدۆلۆژی مارکسیزم لەوە دایە کە توانیویەتی پایە مادییەکانی گۆڕانکارییە سەرخانییەکان یانی گۆڕانکاری فکری، سیاسی، ئیداری، حقوقی و ... هتد. لە کۆمەڵدا شی بکاتەوە. کاتێ دیدگایەک نەتوانێ ئاماژە بە پایەی ئابووری و مادی ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە بکات، بێگومان لێکدانەوەکەشی سەبارەت بە خودی ئەم گۆڕانکارییانە کەموکورت و ناتەواوە.

تەوەرەی ڕەخنەی سۆسیالیستی بریتییە لە مەسەلەی گۆڕانی ئابووری کۆمەڵی ڕوسیە لەپاش شۆڕش. ئەمە گیانی مارکسیزمە و بە ڕای ئێمە ڕەتکردنەوەی ئەم حوکمە پێشاندەری مەوقیعەتێکی نامارکسیستییە. ڕەتکردنەوەی ئەو مەسەلەیە، واتە ئەو بابەتەی، لە ئەزموونی سۆڤێتدا دەبێت بخرێتە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، **مەسەلەی گۆڕانی ئابووری** کۆمەڵی پاش شۆڕشە، لە حوکمی وەلانانی هەموو مەسەلەکەدایە. بۆچی؟

یەکەم : لەڕوانگەی چینی کرێکار و مارکسیزمەوە، شۆڕشی سۆسیالیستی لە بنەڕەتدا شۆڕشێکی **ئابوورییە** و تەنیا لەسەر ئەم بناغەیە ئەتوانێت شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بێت. ئەمە کە ئەم خاڵە لە مارکسیزمی دەورەی ئێمەدا ئاوا فەرامۆش کرا، ئەوەی کە مارکسیزم لە تیئۆری شۆڕشی کۆمەڵایەتی، یانی گۆڕانی ژێرخانی ئابووری کۆمەڵ و مەوقیعەتی ئینسانەکان لە بەرهەمهێناندا، بۆ "زانست"ی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی هێنراوەتە خوارەوە، خۆی بەرهەمی سودوەرگرتنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتری توێژە ناپرۆلیتێرییەکان لە مارکسیزم، وەک ڕووپۆشێک بۆ

دەربڕینی قازانجە ناشۆڕشگێڕی و ناسۆسیالیستییەکانی خۆیانە. بنچینە و تەوەرەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی ئابووری کۆمەڵە. گۆڕانی ئابووری نە بە مانای گۆڕانی چەندایەتی بەرهەمهێنان. بەڵکە بەو مانایەی کە مارکس بەکاری دەهێنێت، یانی گۆڕانی **پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنان** (گۆڕانێک کە حەتمەن زیادبوونی خێرای توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵیش بەدی دێنێت). ئەمە ناوەڕۆکی تیئۆری مارکسیزم و بناغەی شۆڕشگێڕیتی پەیگیرانەی مارکسیزمە، چونکە مەسەلەی دیموکراسی، لابردنی هەڵاواردنی حقوقی و سیاسی و فەرهەنگی و تەنانەت ئابووری نێوان ئەفراد و توێژەکان و نەتەوەکان هیچ کامێکیان بیروباوەڕی نوێ و تایبەت بە مارکسیزم نین. ئەمانە ئامانجە دێرینەکانی مرۆڤن، ئەوەی شوێنێکی تایبەتی دەداتە مارکسیزم، بەستنەوەی ئەم ئامانج و خواستانەیە بە ڕوخاندنی **ڕژێمێکی ئابووری** دیاریکراوەوە، کە لە بەرهەمێنانی کۆمەڵایەتی ئەم سیستەمەدا هەیەتی. سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بەرەنجامی خەباتی ئەم چینە لە دژی پەیوەندییە چەوسێنەرانە چینایەتییەکانی ئەو کۆمەڵەیە. یانی سەرمایەداری خەباتێک کە تەنیا بە لەناوبردنی موڵکایەتی بۆرژوازی و دامەزراندنی موڵکایەتی سۆسیالیستی (کۆمەڵایەتی) بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا، ئامانجە شۆڕشگێڕانەکانی خۆی بەدەست دێنێت. ئەگەر ئەمە لە مارکسیزم دەربێنین، ئیتر شتێکی تازە و تایبەت لەودا نامێنێتەوە. مارکسیزم ئەو ڕەوتەیە کە دەتوانێت لە وەڵامی ئەو ئامانجە یەکسانیخواز و ئازادیخوازانەیەی بەشەردا، ڕێگای واقیعی یانی لەناوبردنی **سەرمایەداری** وەک ڕژێمێکی ئابووری و دامەزراندنی سۆسیالیزم دیسان بەر لە هەر شتێک وەک ڕژێمێکی ئابووری تەرح بکات و هێزی چینایەتی کۆمەڵایەتی واقیعی ئەم گۆڕانکارییە هەر لە هەمان کۆمەڵدا دەستنیشان بکات. مارکسیزم بە ڕۆشنی دەیسەلمێنێت، کە بەدەر لە گۆڕانکارییەکی ئاوا لە ژێرخانی **ئابووری** کۆمەڵدا، ئەم ئامانجانە بێبەری ئەبن لە پایەکی مادی بۆ جێبەجێبوونی جیدی خۆیان. بەم پێیە ئاشکرایە لە ڕوانگەی چینی کرێکار و لە ڕوانگەی گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵەوە،



هەر شۆڕشێکی سۆسیالیستی و (هەر وەها شۆڕشی ئۆکتۆبەریش) دەبێت بە پێوانەی چەند و چونی بە ئەنجام گەیشنتی ئەم ئامانجە محوەرییەی دادوەری بکرێت. لە یەک ڕستەدا، دەبێت شکستی شۆڕش بە هەمان ئەو سەنگی مەحەکە هەڵبسەنگێنرێ کە سەرکەوتنەکەی پێ هەڵدەسەنگێنرێ، یانی مەسەلەی ڕوخاندنی سەرمایەداری وەک ڕژێمێکی بەرهەمهێنان.
بەم پێیە بە باسی شۆڕشی ڕوسیا و ئەنجامەکانی، دەکرێ و دەبێت لە دەوری ئەم مەسەلەیە چەق ببەستێت، کە چۆن و لە چ هەلومەرجێکدا، بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن چینی کرێکارەوە، **نەبووە هۆی** گۆڕین و هەڵگێڕانەوەی سەرمایەداری لەو وڵاتەدا. چی ڕووی دا و بووە هۆی ئەوەی کە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی تا گۆڕانی پەیوەندییە ئابوورییەکان و دامەزراندنی موڵکایەتی  سۆسیالیستی بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا درێژەی نەکێشا. ئەمە بناغەی ڕەخنەی پرۆلیتێری و سۆسیالیستی ئەزموونی شۆڕشی ڕووسیایە وەک شۆڕشێکی کرێکاری. بەم پێیە ئێمە هەر لە ئێستاوە جەخت دەکەینە سەر جیاوازی قووڵی (وە بە ڕای ئێمە چینایەتی) دیدگای خۆمان لەو دیدگایانەی کە (لە توانادانەبوونی) گۆڕینی ئابووری کۆمەڵی ڕووسیا لە پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن چینی کرێکارەوە دەکەنە بناغەی شیکردنەوەی خۆیان. جا چ بە ناوی فۆرمۆڵبەندی "پێویستیی شۆڕشی جیهانی"یەوە بێت وە یان بە ناوی "دواکەوتوویی ڕوسیا"و شتی ترەوە بێت. چونکە ئەم ڕوانگانە هەر لە بنەڕەتەوە فەلسەفەی بوونی شۆڕشی کرێکاری لە ڕوسیادا ڕەت دەکەنەوە.
دووەم: باسی ئابووری لە ڕوسیا تەورەی ڕەخنەی سۆسیالیستییە، چونکە تەنیا لێکدانەوەی ئەم مەسەلەیە دەتوانێت هۆیەکانی داڕووخانی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی شۆڕش ڕوون بکاتەوە (وەکوو، بیرۆکراتیبوونی پێکهاتی دەوڵەت، لەکەداربوون و شێوانی لایەنگری و کارکردی چینایەتی حیزبی، گیروگرفت و لادان لە سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەوڵەتی سۆڤێتدا، پاشڕەوییە ئەخلاقی و فەرهەنگییەکانی دوای پێشڕەوییە سەرەتاییەکانی شۆڕش لەم زەمینانەدا و هی تر). بە ڕای ئێمە هۆیەکانی ئەم گۆڕانکارییە

ناشایستە سیاسی و ئایدیۆلۆژیکییانە (وە لە یەک وشەدا، سەرخانییانە) تەنها دەکرێ بە لێکۆڵینەوەی ئەو هۆیانەی کە ڕێیان لە گۆڕانی شۆڕشگێڕانەی **شێوازی ئابووری** لە ڕوسیا گرت. بە دروستی لێک بدرێتەوە. بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و پاراستنی لە لایەن چینی کرێکارەوە هەنگاوی یەکەمە لە شۆڕشی پرۆلیتێریدا. بەڵام ئەم دەسەڵاتە بەدەستەوەگیراوە هەر بەو جۆرەی کە ئەنگڵس جەختی لەسەر دەکات، "پێویستە بخرێتە خزمەتی سەرکوتی سەرمایەدارانی دوژمنی چینی کرێکار و ئەنجامدانی ئەو **شۆڕشە ئابوورییەی** لە کۆمەڵدا بەدی دێت کە بە بێ ئەوە، **هەموو سەرکەوتنەکە**، بە شکست و کوشتاری چینی کرێکار کۆتایی دێت، هەر وەکوو کۆمۆنەی پاریس سەلماندی." (ئەنگڵس بەبۆنەی مەرگی مارکسەوە). دەبینین کە ئەمە حوکمێکی سادە و شتێکی بەڵگەنەویستە لە مارکسیزمدا. هەڵبەتە مارکسیزمێک کە لە لایەن چینە غەیرە پرۆلیتێرییەکانەوە دەستکاری و تەحریف نەکرابێت، ئەحکامە ڕۆشن و زیندووەکانی بەو شێوەیەی ئێستا، گیرۆدەی تەفسیراتە نارۆشن و بێ ناوەڕۆکەکانی چەپی غەیرە پرۆلیتێری نەبوبێت. مەسەلەکە ئابەم ڕۆشنییەیە. ئەگەر کرێکاران نەتوانن پاش دەسەڵات بەدەستەوەگرتن ژێرخانی ئابووری کۆمەڵ بگۆڕن، شۆڕشەکەیان بە ئەنجام ناگات. لە دواییدا بێجگە لە کوشتاری خودی چینی کرێکار، ئەنجامێکی دیکەی نابێت. ئەنگڵس جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە ڕوداوەکانی پاش کۆمۆنی پاریس ئەم ڕاستییەیان بە تاقیکردنەوە نیشان داوە. ئەوەی کە لە ڕوسیادا لە ڕاستیدا لە هەمان ڕستەی ئەنگڵسدا وتراوە، تەنیا جیاوازی لەوەدایە کە کوشتاری چینەکە، لە لایەن هێزە سەربازییەکانی دوژمنێکی ئاشکراوە، لە یەک ڕۆژی دیاریکراو بە داگیرکردنی ئەم یان ئەو شار و شتی تر، ڕووی نەداوە، بەڵکوو لە میانەی پرۆسەیەکی دوور و درێژ و ئاڵۆز، لە بەرەی جیاوازدا ڕووی دا. بەڵام لە کۆتاییدا ئەنجام هەر هەمان شت بووە، شکست و کوشتاری چینی کرێکار. ڕەهەندەکانی ئەم شکست و کوشتارە لە دەورانی پاش کۆمۆنی پاریس کەمتر نەبوو. ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین ئەنجامی



ئەم ڕاستییەیە کە پرۆلیتاریای سەرکەوتوو لە ڕوسیا، نەیتوانی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی زەروری لە پایە ئابوورییەکانی کۆمەڵدا ئەنجام بدات. نەیتوانی شۆڕشی ئابووری خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت. داڕوخانی سیاسی و ئایدۆلۆژی و ئیداری شۆڕشی ڕووسیا، ئاکامی بێتوانایی ئەو شۆڕشە بوو لە بەدیهێنانی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە لە **ئابووری** کۆمەڵدا، ئەمە حوکمێکی بنەڕەتییە لە ڕوانگەی ئێمەدا، ئەمە دەرسی بنەڕەتی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە بۆ ئێمە. ئەمە خاڵی حەرەکەتی ڕەخنەی سۆسیالیستییە لە ئەزموونی سۆڤێتدا.
بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە، ئێمە لەگەڵ ئەو ڕوانگانەدا، کە لێکدانەوەی ئەزموونی شوورەوی لە سەرهەڵدانی بیرکراتیزم و داڕوخانی سیاسی و نەزەری حیزب و دیاردەکانی تری پەیوەست بە مەیدانەکانی سەرخانی کۆمەڵ و شۆڕشەوە حەرەکەت دەکەن، جیاوازی میتۆلۆژی جیدیمان هەیە. بە بڕوای ئێمە ئەو کێشە و دیاردانە ئەنجامی پرۆسەی ڕاوەستان و داڕوخانی شۆڕشی ڕوسیان، نەک هۆیەکانی.
ئەمانە بەشێکن لە واقیعەتێک کە دەبێت ڕوون بکرێتەوە نەک ئامرازی شیکردنەوەی ئەم واقیعەتە. ڕوونکردنەوەی ئەزموونی شکستی شۆڕش بەم جۆرە فاکتەرانە وەک ئەوە وایە، ئەنجام بە هۆی ڕوون بکرێتەوە. ڕێک وەک لێکدانەوەی هۆیەکانی پەیدابوونی نەخۆشییەک، بە دیاردە و نیشانەکانی خۆی. ئەوەی کە وتمان دەبێت خاڵی سەرەکی دەستپێکی ئێمەی لەم باسەدا ڕۆشن کردبێتەوە.
لە درێژەی باسەکەدا دەکرێ ئەم خاڵانە زیاتر باس بکرێن.

## چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

.........

**تێبینی:**
لە بڵاوکراوەکانی "یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری"